# دووی ڕێبەندان

ئەونووسراوەیە بۆ سمیناری تایبەت بە دووی ڕێبەندان، ساڵی 2012 لە شاری ئوسلۆ ئامادە و پێشکەش کراوە. سمینارەکە لە لایەن کومیتەی نوروێژی حزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بۆ کوردەکانی دانیشتووی نوروێژ ڕێکخرابوو .

حازرینی بەڕێزی مەجلیس سڵاوی گرمتان پێشکەش دەکەم . بێ شک لە کۆڕێکی گەرم و لە بۆنەیەکی پیرۆزدا لە دەوری یەک کۆبووینەوە ئەویش کۆڕی یاد و بیرەوەری و تەجلیل لە کۆماری کوردستانە. ئەو دۆستانەی پێش من قسەیان کرد بە وردی باسی ئەو فیداکاریانە وئەو بایەخە مێژوویيانەی کرد کە پێوەندیان بەو کۆمارەوە هەبوو و ئەو فاکتورانەیان دەست نیشان کرد کە کورد بۆگەیشتن بە کەیانێکی نەتەوەیی لەوکات وسەردەمەدا بەکاری هێناون ولێهاتوویی لە خۆی نیشان داوە . بۆیە ئەمن لە خۆ ڕانابینم پێ دە کەوشیان کەم و شتێکی لێ زیاد کەم،بەڵکو حەق وایە بۆسپاس لەو هەموو زانیاریەی خستیانە روو کەوشیان دەپێ کەم.

باسەکەی من زیاترلە بارەی ئەو فاکتورانەوەیە کە خارج لە ئیرادەی کورد بوون بەڵام لە سەر چارەنووسی کوردوکۆماری کوردستان کارکردی کاریگەریان هەبوە.ئەو فاکتورانەش باری نێو نەتەوەیی و ئەو رێک کەوتن ودابەش کردنانە بوو کە زل هێزەکانی دنیا لەو کات دا بۆ بەربڵاو کردنی نفووزی سیاسی و ئابووری خۆیان ئەنجامیان دەدا ولە سەتحی دنیا دا لەسەری بە شەڕ دەهاتن. کۆماری کوردستان لە کەلێنی ئەو کێشانەدا دەرەتانی پەیدا کرد خۆی نیشان دا و بە داخەوە هەر بە هۆی ئەو کێشە جهانیانەوە بوو داڕووخا.هەر وەها پێم خۆشە باسەکەم لە پێوەند لەگەل کۆماری میللی ئازەربایجان دا پێشکەش بکەم چونکە لە هێندێک بواردا دەگەڵ کۆماری کوردستان وەک یەک وێنە و دوو ئاوێنە وایە. بێجگە لەوە لە زۆرلە ئەسناد دا کێشە کە زیاتر وەک مەسەلەی ئازەربایجان باس دەکەن ومەسەلەی کورد یان ئەو بەشە کەمە لە خاکی کورد کە کەوتۆتە ئازەربایجانەوە لە نێو چوارچێوەی ئازەربایجانی گەورەدا ون دەکەن.

هەوەڵین بەند و بەست لە بەرەبەری شەڕی جهانی دا کە بۆ دابەشکردنی حەوزەی نفووز لە دنیا دا تەوافوقی لە سەر کرا بەینی شووڕەوی و ئالمان بووکە لە نوامبری 1940 بەینی مۆلۆتۆف و ریبن تروپ ئیمزا کرا . بە گوێرەی ئەو تەوافوقا نە .

1. ئالمان فینلاند تەخلیە بکا چونکە مەنتەقەی نفووزی شووڕەوەیە
2. پایەگای زەمینی و هەوایی شووڕەوی لە دەورووبەری گوزەرگای داردانێل دابمەزرێ
3. ناوچەکانی خوارەوەی بادکوبە و خارتووم بەرەو خەلیجی فارس کە ئێرانی دەگرتەوە حەوزەی نفووزی شووڕەوی بێ
4. ئیمتیازاتی نەفت و زوغالی ژاپون لە جەزیرەی ساخالین هەڵوەشێتەوە

بە بەستنی ئەو قەرارادە ئالمان خۆی لە سنوورەکانی شەرقیی خۆی خاترجەم کرد، هەروەها بێ لایە نیی شووڕەوی سەبارەت بە فتووحاتی خۆی لە ئورووپادا بۆخۆی دەستەبەرکرد.ستالینیش چاوی بڕیە شەڕی دنیای سەرمایەداریەوە وئەو وەزعەی بە موقەدەمەی دارمانی ئیمپریالیزم و سەرکەوتنی نهایی سوسیالیزم دادەنا و هاوکات دەگەڵ

تەجاوزی ئاڵمان بە وڵاتانی دراوسێ ، ئەرتەشی سووریش وڵاتانی بالتیک، بەشێک لە لهستان وئەیالەتێکی رومانی داگیرکرد. بە سەرکەوتنی ئەو پەیمان نامەیە کوردستان دەکەوتە داوێنی شوورەویەوە بە بێ ئەوەی بۆخۆی ئاگای لە شتێکی وابێ یا پێی خۆش بێ یا پێی ناخۆش بێ.
ئەونەخشەیە بە پەیمان شکێنی ئالمان و هێرشی لە نەکاوی بۆ شورەوی هەرەسی هێنا وئەوجار شوورەوی بۆ تێک شکاندنی ئالمان بوو بە هاوپەیمانی بەرەی ئینگلیس و فەرانسە وباقی وڵاتانی ئورووپا و دوایە ئامریکاش.
سەرکەوتنەکانی ئالمان لە بەرەکانی شەڕدا هێندێک رووداوی دیکەی هێناگۆڕێ. بۆ وێنە ئالمان دەیویست بەشێک لە هێزەکانی لە شیمالی ئافریقاوە بەرەو میسر،سووریە ،عێراق وئێران رەوانەبکا .ئەو هێزانە دەبا دەگەڵ هێزەکانی دیکەی ئالمان کە لە جەبهە ی ستالینگرادەوە بەرەو قەفقازوەرێکەوتبوون ، لە قەفقاز یەک بگرنەوە . ئەگەر ئەوە سەری بگرتبایە هەموو کوردستان دەکەوتە داوێنی ئالمانەوە ، هەروەها هەموو حەوزەی دەریای مەدیتەرانە بە گوزەرگاکانی جەبەلوتاریق ، داردانێل ، بوسفور،کاناڵی سوئێز ، هەروەها چاڵە نەوتەکانی لیبی، میسر، عیراق ، کرماشان وئابادان و باکۆ دەکەوتە دەست ئالمانەوە ، چونکە شاخەیەک لەو هێزانە دەبا تا تەنگەی هورموز پێشرەوی کردبایە. ئالمان بۆ گەیشتن بەوئامانجانە لە مەسیری ئەو هێزانەی دا زۆری کار کردبوو. لە ئێران دەگەڵ حکوومەتی رەزاشا زۆر نزیک ببۆوە وموبادەلاتی بازرگانی زۆریان پێکەوە هەبوو. ئەوکارخانە قەندانەی لە کوردستان هەن هەموویان ساختی ئالمان و ئی ئەو سەردەمەن . هەروەها لە نێو بازرگان و گەورەپیاوی کاربەدەست و گەورەکانی بەختیاری و قەشقایی و ....نفووزی زۆریان هەبوو. رەزاشا ئەو پێوەندیانەی وەکوو فرسەتێک هەڵدەسەنگاند کە بتوانێ دەستی لە بن باری شوورەوی و بریتانیا بێنێتە دەرێ.هەروەها ئالمانیەکان لە عێراقی تەحتولحمایەی بریتانیاشدا نفووزیان هەبوو و ئەوان بوون کە لە پشت کۆدەتاکەی رەشید عالی گیلانی بوون وهێنایانە سەر قودرەەت . مە بەستیان هاسان کردنە وەی گەیشتن بەو ئامانجانە سیاسی ونیزامیانە بوو . بریتانیا ئەغیار بۆوە و کۆدەتاکەی تێک شکاند و رەشید عالی بەرەو ئێرانی رەزاشا هەڵات. ئەمین زەکی بەگیش لە عێراق لە پشتیوانانی کۆدەتاکەی رەشیدعالی بوو کە لە لایەن ئینگلیسەوە ماوەیەک زیندانی کرا.هەر لەو کاتانەدایە کە لە مهابادیش گورووپێکی ناسیونالیستیی کورد بە مودیریەتی عەزیز زە ندی ناسراو بە عەزیز ئالمانی هەبوە کە بە لایەنگری لە ئالمان و دژ بە شوورەوی وئینگلیس و بە لایەنگری لە سەربەخۆیی کوردستان بە نهێنی تێکۆشانی هەبوە. بۆیە هاوپەیمانان بڕیاریان دا تەکلیفی خۆیان لە گەڵ ئەو وەزعە روون کەنەوە و لە شەهریوەری 1320 هاتنە ئێرانەوە . ئامانجی هاوپەیمانان لە هێرش بۆ ئێران دەکرێ لەو خاڵانەدا کۆ بکەینەوە

1.تێکدانی نەخشەی ئالمان و گەیاندنی لوجستیک بە شوورەوی

2.پێش گرتن لە نفووزی سیاسی و نیزامی ئالمان لە مە نتە قە دا

3.پاراستنی نەفتی کەرکووک، باکۆ، کرماشان و ئابادان

4.پاراستنی کانالی سوئێز، بوسفور، داردانێل. تەنگەی هورموز

5.بێ خەتەرکردنی موتە سەریفاتی بریتانیا لە رۆژهە ڵاتی ناوەراست ، هیندوستان و هیندووچین

لەوکاتانەدا وڵاتی 500میلیون کەسیی هیندوستان موستەعمە رەی وڵاتی 50ملیون کەسیی ئینگلیس بوو. 2000000 ملیون سەربازی هیندی لە ژێر رایەتی بریتانیادا لە بەرەکانی شەڕدا بە قازانجی بە رجە وەندیەکانی بەیتانیا شەڕیان دەکرد. هێزی بریتانیا لە خانەقینەوە بەرەو سەرپولی زەهاب هات.

لە کاتی هاتنی هێزی هاوپەیمانان وەزعی حکوومەتی رەزاشا ئاوا پێناسە دەکرێ:

1. 16سال دیکتاتۆری موتڵەق
2. نەبوونی ئازادی سیاسی و ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی بەدەست ژاندارمەوە
3. دەزگایەکی خوێن رێژ ، نامەتلووب و ناخۆشە ویست.کە هەوڵی پێک هێنانی نەتەوەی واحید، زمانی واحیدی دەدا لە سەر حیسابی لە ژێر پێ نانی مافی نەتەوەکانی ژێر دەست
4. لە ژێر پێ نانی قانوون و سەرکوتی گەلانی ئێران و لاساکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی ئاتاتورک بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ جووڵانەوەی هەقخوازانەی کورد دەیکرد.

رەزاشا بۆ ئافریقای جنووبی تەبعید کرا وهاوپەیمانان زیاتر لە 2000کەس لە ئێرانیانیە سەرشناسەکانی لایەنگری ئالمانیان گرت و بۆ فەلەستین یان بەرێکردن کە یەک لەوان سەرتیپ فەزلولاهی زاهیدی بوو کە چەند ساڵ دواتر بە یاریدەی ئەمریکا و ئینگلیس کودەتای لە دوکتور موسەدق کرد و شای هەڵاتووی هێناوە ئێران و خۆی بە تاجبەخش دەزانی.

هاوپەیمانان:

1.سەلتەنەتی محەمەد رەزاشایان قوبووڵ کرد

2.رێک کەوتن نامەیان دەگەڵ حکوومەتی تازە نووسی و ئێران هاتە ریزی هاوپەیمانانەوە

3.تەواویەتی ئەرزی ئێران یان پەسند کرد و خۆیان مولزەم بە پاراستنی زانی

4. دەزگا ئیداریەکانیان لە هەموو ئێران بە رقە رار کردەوە تا پشتی جەبهە ئەمن بێ

لە کوردستان و ئازەربایجان کە لە ژێر مەنتەقەی نفووزی شورەوی دابوون بۆ ماوەی پینج ساڵ رێگا بە هیچ تێکۆشانێکی سیاسیی کوردی نەدرا ، تەنانەت کۆمەڵەی ژ.ک بە نهێنی تێکۆشانی هەبوو و ئەوە لە کاتێک دابوو کە لە خودی تاران حزبی توودە دروست ببوو و تێکۆشانی ئاشکرای هەبوو.،پان ئێرانیستەکانی داریوش فروهە ر و زۆر رێکخراوی رەنگاورەنگی دیکە فە عالیەتی ئاشکرایان هەبوو. بۆ شوورەویەکان یەک شت گرینگ بوو ئەویش ئارام راگرتنی پشتی جەبهەی شەڕ بوو تا ناردنی لۆجستیک بۆخۆیان و مەنافعی بریتانیا و ئێران و تورکیە تووشی هیچ مەترسیەک نەبێ. ئەوان کاتێک سیاسەتی خۆیان گۆڕی کە تەکلیفی بەرەکانی شەڕ تەقریبەن روون ببۆوە و تێک شکانی ئالمان حەتمی بوو ، بۆیە کاتی ئەوە ها تبوو مەنتەقەی نفووزی وڵاتانی براوەی شەڕ دیاری بکرێ . دەنا لە تەواوی دەورانێ شەڕدا تا ئەوکات وڵاتانی ئەمریکا . ئینگلستان، شوورەوی ، ئێران و تورکیە سیاسەتیان بەرامبەر بە مەسەلەی کورد یەکسان بوو و هیچ جیاوازیەک بەدی ناکرێ . هەموویان دژی جمووجۆڵی کوردی بوون. هەموویان هەریەک بە شێوەی خۆی پێشی پێ دەگرت. لە کۆتایی شەڕدا

کاتێک مەسەلەی نەفت و تەقسیمی جیهان و تەخلیەی ئێران هاتە گۆڕێ ،بەتایبەت تەئمینی ئێنرژی بۆ بازسازی پیشەسازی دوای شەڕکە بۆ هەموو وڵاتانی سەنعەتی یەگجار گرینگ بوو، کۆمپانیەکانی ئینگلیسی و ئەمریکایی گرێبەستی ئیستخراجی نەفتی جنووبیان دەگەڵ ئێران بەست ، یەکیەتی سوفیەتیش بە ناردنی کافتارادزە داوای گرێبەستی موشابهیان لە شیمالی ئێران کرد. دەوڵەتی ساعد دەگەڵ ئەو پێشنیارە موخالەفەتی کرد و ئەوە بوە هۆی ئەوە لایەنەکانی پرۆسوفیەت لە ئازەربایجان و کوردستان لە دژی ساعد مەراغەیی سەرۆک وەزیرانی ئێران تەزاهورات بکەن و تۆمارێکیان ئامادە کردبوو بۆ داکۆکی لە بەستنی پەیمان نامەی نەفت دەگەڵ شووڕەوی کە بە وڵات دا گێڕاویانە و هەوڵیان داوە کەسایەتیە ناسراوەکانی ناوچە ئەو تومارە واژۆ بکەن . گۆڤاری نیشتمان ئورگانی کۆمەڵەی ژ،ک ئەو کەسانەی ئەو تومارەیان ئیمزا نەکردوە پێ یان داهاتوە و لەجە ن ماڵی کردوون. دوکتور موسەدق لە مەجلیس داوای کرد تا ئێران لە هێزی بێگانە تەخلیە نەکرێ ، هیچ قەراردادێک دەگەڵ هیچ وڵاتێک نەنووسرێ و قەرارداد دەگەڵ کومپانیە ئەمریکایی و ئینگلیسی یەکانی بە دەستی شکاو شوبهاند و کوتی دەستیکمان شکاوە و ئەگەر گرێبەست دەگەڵ شووڕەویش ببەستین وەک هەر دوو دەستی خۆمان شکاندبێ وایە.دوای ئەوانە ، رووسەکان شانیان بۆ تێکۆشان بۆ مافی نەتەوەیی لە ئازەربایجان وکوردستان شل کرد و کاتێک ئێران دەیویست پادگانەکانی خۆی لەو دوو ناوچەیە تەقویەت کا هێزەکانی شووڕەوی لە قەرەمووسالیانی بۆکان و لە شەریفاوای قەزوێن پێشی واحیدەکانی ئەرتەشی ئێرانیان گرت و بەرەودوا گێڕایاننەوە. بەدوای ئەو قوناغەدایە لە ئازەربایجان فرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان ، کۆماری میللی ئازەربایجان رادەگەیەنێ و لە کوردستان کۆمەڵەی ژ،ک تەبدیل بە حزبی دێموکرات دەبێ و بە ماوەیەکی کورت دوای ئەوە کۆماری میللی کوردستان رادەگەیەنێ. لەوکاتە دا هەڵویستی دەوڵەتەکانی پێوەندیدار بەو قەزییەوە ئاوایە:

1.بریتانیا ، ئەمریکا و تورکیە رووداوەکانی ئازەربایجان و کوردستان لە پێوەند دەگەڵ تەوسعە تەڵەبی ئەرزی و ئابووری و ئیدئولوژیکی یەکیەتی سوفیەت دا دەبینن ، نەک پەیامەدی جووڵانەوەیەکی رزگاریخوازی نەتەوەیی، بۆیە دژایەتی دەکەن.
2.شووڕەوی لە هەوڵدایە ئەو بەشەی ئێران داگیر کا ، ئەگەرنەکرا ئیستقلالی ئازەربایجان مسوگەر کا، ئەگەر نەکرا ، بە دەست هەڵگرتن لە ئازەربایجان ئیمتیازی نەفتی شیمال بەدەست بێنێ.
3.کۆماری کوردستان و ئازەربایجان سوورن لەسەر مافی نەتەوایەتی خۆیان و هەوڵی وەر گرتنی لانی زۆری ئەو مافە دەدەن . پێشەوەری و کامبەخش لە سەر پێک هێنانی بەرە و ئاڵووگۆڕی جیدی لە ئێران یەک دەنگن. ئێران شەڕیان پێ دەفرۆشێ.
سەرنج راکێشە بزانین پێش راگەیاندنی کۆماری میللی ئازەربایجان و کوردستان،لە عێراق لە ژێر حمایەتی بریتانیادا دەوڵەتی نووری سەعید لەگەڵ شۆڕشی بارزان لە حالی وتوویژ دابوو، کە چاویان بەو جمووجۆڵانە کەوت منافعی خۆیان لە عێراق نیگەرانی کردن و نووری سەعیدیان لابرد و پاچە چیان هێنا سەرکار و دەگەڵ کورد بە شەڕهاتن و بارزانیەکان مجبوور بوون هاتنە کوردستانی ئێران ولە کۆماری کوردستان دا دەوریان گێڕا. کە کۆماری کوردستان تێک چوو دیسان نووری سەعیدیان کردەوە سەرۆک وەزیران و بۆ گەڕانەوەی بارزانیەکان دەستیان کردەوە بە وتووێژ.
بریتانیا لەو قوناغە دا بۆ دژی کوردە؟
1.دەیەوێ لە ئێران وەک پردی بەینی عێراق و هیند کەڵک وەرگرێ

2.ئەگەر لە کورد پشتیوانی بکا گەلانی دیکەش داوای پشتیوانی دەکەن
3.موستەعمەراتی خۆی تێک دەچێ
4.دەبێتە هۆی ناخۆشی شووڕەوی، ئێران، تورکیە
5. کەمەر بەندی کونترۆڵی کومونیسم بە دەوری سوفیەتەوە لاواز دەبێ ومەترسی ئەوە هەیە ببێتە هۆی نزیک بوونەوەی سوفیەت لە چاڵە نەفتەکانی رۆژ هەڵاتی ناوەراست.
6. هەروەک چۆن لە رابردوودا نەیتوانی دەوڵەتی ئاسۆڕی و ئەرمەنی پێک بێنێ لە وانەیە بۆ گەلانی دیکەش وبۆکوردیش بۆی بە ئەنجام نەگا.
لەو حەیس و بەیسە دایە بە دوای کونفرانسەکانی تاران و پوتسدام ، کونفرانسی موسکۆ لە رۆژەکانی 15،14ی دسامبر دا بەرگوزار دەبێ .رۆژنامەی ئیزویێستیا باسی کۆماری میللی ئازەربایجان دەکا . برنزوەزیری کار و باری دەرەوەی بریتانیا و بووئێن وەزیری کار و باری دەرەوەی بریتانیا وەزعی ئازەربایجان و زەرووڕەتی رۆیشتنی هێزە کانی ئەرتەشی سوور لە ئێران لەگەڵ ستالین باس دەکەن و بۆ حەللی موشکیلەکان پێشنیاری کومیتەیەکی هاوبەشی شووڕەوی، بریتانیا ، ئەمریکا دەکەن. بۆئێن پێشنیار دەکا :
1.ئەنجومەنی ئەیالەتی پێک بێ
2. ئامووزش لە ئێران بە زمانی کوردی ، تورکی ، عەرەبی بێ
3.هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ئەیالەتی بکرێ
4.هیزی بێگانە ئێران بە جێ بێڵێ.
بەدوای ئەوەدا رۆژی 30،28ی ژانویەی 1946 ئێران شکایەتێک لە دژی شووڕەوی پێشکەشی شووڕای ئەمنیەت دەکا . شووڕای ئەمنیەت بریار دەدا ئێران وشووڕەوی راستەوخۆ لە بارەی کێشەکانیان پێکەوە وتووێژ بکەن. بە دوای ئەوەدا قەوام سەفەری موسکۆ دەکا. تەواوی ئەو هەڵس و کەوتانە لە سەر چارەنووسی کورد کارکردی گەورەیان هەیە بە بێ ئەوەی کورد بۆخۆی ئاگاداری هەڵوێستە کان بێ یان ئەگەر ئاگادارە بتوانێ کارکردێکی لە سەریان هەبێ و ئەوەش لە حالێک دایە کە حکومەتی میللی ئازەربایجان نەزەری ئازادیخوازانی ئێرانی بۆ لای خۆی راکێشاوە کە نموونەیەکی لەو شیعرانەی فەرەیدوونی تەوەللی دا دەردەکەوێ:

| | |
|---|---|
| برآمد تیغ آذربایجانی | اسیران را گران آمد گرانی |
| دلیران را بە مردی خون بجوشید | یلان را ناخوش آمد زندگانی |
| بتوفید از ارس بادی شرربار | بنالید از قفس ببری نهانی |
| بە تنگ آمد تنی از ناگواری | زبانی خستە شد از بی زبانی |
| زمین آتشفشان گردید و برداشت | بهر جانب سر آتشفشانی |
| بە مرگ ناکسان خرم برافراشت | درفش کامبخش کاویانی |
| زبون کردند رسم زورگویی | نگون کردند تخت حکمرانی |
| بە جانبازی کمر بستند وبستند | درنفرین و باب نوحە خوانی |
| بس آذربایجان بینی بە هر سوی | کە گیرد دست آذربایجانی |

لە کوردستانیش کۆماری میللی کوردستان چاوی ئەویندارانی رێگای ئازادی کورد و کوردستانی روون کردوتەوە کە لەو شیعرانە دا خۆی نیشان دەدا :
غەم مەخۆ داکی وە تەن تۆوی مرادت شین ئەکا

لاوی تۆ سەرخۆشە ئەوڕۆ پاکی داوای ژین ئەکا
داغی بالای سەوزی تۆیە دوژمنت هەر شین ئەکا
تینی زوڵمی کۆنی تۆیە قەلبی من پڕکین ئەکا
نامەوێ ژێر دەستیی دوژمن بێتە تۆقی گەردنم
نامەوێ ئەو ژینە تاڵە یا وە تەن یا مردنم
ئەی وەتەن گەر ژین هەبێ حەقە کە تۆ ژینی منی
نامەوێ سە یری گوڵستان تۆ کە پەرژینی منی
ئاورم بۆ هێزی دوژمن چونکە تۆ تینی منی
قیبلەکەم، ئیمانەکەم، پەیمانەکەم، دینی منی
گەر بوتی زەننار ئەبەستم، ببیە خاچی گەردنم
نامەوێ ئەو ژینە تاڵە یاوەتەن یا مردنم

راست دەو وەختەی دا دیپلوماسیی ئێرانی کە پشتیوانی ئەمریکا و بریتانیای هەبوو ، موافەقەتی یەکیەتی سۆفیەتی بۆ خۆی دەستەبەر کرد و دوای گەڕانەوەی قەوام لە مۆسکۆ ، نوێنەری تایبەتی شووڕەوی ، سادچیکوف بۆ وتووێژ سەبارەت بە ئازەربایجان واریدی تاران بوو.پێشنیارەکانی سادچیکوف ئەوانە بوون:

1. باش وەزیری ئازەربایجان ببێتە ئوستانداری ئازەربایجان
2. وەزیرەکانی کابینەی ئازەربایجان ببنە کارمەندی ئوستانداری
3. مەجلیسی میللی ئازەربایجان ببێتە ئەنجومەنی ئەیالەتی

بەو شێوەیە یەکیەتی سوفیەت فاتیحای کۆماری میللی ئازەربایجان و کوردستانی خوێند و لە پێناوی بەرجەوەندیەکانی خۆی دا قوربانی کرد . پێشەوەری ئەوەی بە تەوهینێکی گەورە بە خۆی و بە خەڵکی ئازەربایجان زانی بە تایبەت کە بە بێ راوێژ دەگەڵ ئەو پێشنیاری ئاوا بە تاران کراوە .بۆیە نامەیەکی بۆ ستالین نووسی. بەداخەوە نامەکەی پێشەوەریم نەدیوە بەڵام لە سەر ناوەرۆکی نامەکە لە هیندێک جێگا ئیشاڕاتێک هەیە کە پێشەوەری ئیرادی لەو سیاسەتەی یەکیەتی سوفیەت گرتوە و تەنانەت رەفتاری شووڕەوی بەرامبەر بە میرزا کوچک خان لە ساڵی 1920ی ئیشارە پێ کردوە و کوتوویە رێبەرانی شووڕەوی فریوکارانە هەڵس و کەوت دەکەن. جوابەکەی ستالین هەیە ولە رووی ئەوەوە پیاو دەتوانێ بزانێ پێشەوەری چی بۆ نووسیوە.

(رەفیق پێشەوەری

هەست دەکەم ئێوە ئەو هەل و مەرجەی کە لە ئێران و دنیا دا هاتۆتە ئاراوە باش هەڵناسەنگێنن .

یەکەم ئەوەی ئەتۆ دەتەوێ فەورەن تەواوی خواستی شۆڕشگێرانەی ئازەربایجان بە دەست بێ ، لە حالێکدا بارووددۆخی ئێستا رێگای ئەوەمان پێ نادا.لێنین داخوازی شۆڕشگێرانەی قووڵی وەکوو ویستێکی عەمەلی ، دووپاتی دەکەمەوە ، وەکوو ویستێکی عەمەلی ، تەنیا کاتێک دێنا گۆڕێ کە وڵات تووشی گێژاوی شۆڕشگێرانە بووبێ و لە شەڕ دەگەڵ دوژمنی دەرەکی تووشی ناکامی هاتبێ . وەکوو شەڕە بێ حاسڵەکانی ساڵی 1905 دەگەڵ ژاپۆن و 1917 دەگەڵ ئالمان . ئێستا ئەتۆ دەتەوێ لاسای لێنین بکەیەوە . زۆرباشە ئەوە جێگای ستایشە. بەڵام ئێستا لە ئێران بارودۆخەکە جۆرێکی دیکەیە. ئێستا لە ئێران هیچ گێژاوێکی قووڵی کۆمەڵایەتی نیە . ژۆمارەی کرێکارەکان لە ئیران کەمە و بە ئە

ندازەی پێویستیش ڕێک نەخراون.وەرزیرانی ئێران ئێستا تێکۆشانێکی بەرچاو لە خۆ نیشان نادەن. ئێران دەگەڵ دوژمنی دەرەکی لە حاڵی شەڕ دانیە کە مەحافیلی ئیرتجاعی بە هۆی شکست لە شەڕدا لاواز بن. کەوابوو بەو ئاکامە دەگەین کە لە ئێران دا باروودۆخێکی وا لە ئارا دا نیە کە ڕێگا بدا تاکتیکێکی وەکوو وەک تاکتیکی لێنین لە ساڵەکانی 1905 و 1917 بە کار بێندرێ.

دوهەم ئەوەی  ئەگەر هێزە کانی شووڕەوی لە ئێراندا مابانەوە ئێوە دەتان توانی بە سەرکەوتن لە خەبات بۆ دەسته بەر کردنی ویسته کانی شورشگێرانە ی خەڵکی ئازەربایجان ئومێدوار بن بەڵام ئێمە نەمان دەتوانی لەوە زیاتر هێزەکانمان لە ئێران دا بهێڵینەوە چونکە مانەوەی هێزەکانی شووڕەوی لە ئێراندا ، زەرەری بە بنەماکانی سیاسەتی ڕزگارکەرانەی ئێمە لە ئورووپا و ئاسیا دا دەگەیاند. ئینگیسیەکان و ئامریکاییە کان بە ئێمەیان دەکوت ئێستا کە هێزەکانی شووڕەوی دەتوانن لە ئیران دا بمێننەوە بۆچی ئینگلستان نەتوانێ هێزەکانی خۆی لە میسر و سوریە و ئەندونزی و یونان دا بهێڵێتەوە و ئەمریکا ش ئەرتەشی خۆی لە چین و ئیسلەند و دانمارک دا بهێڵێتەوە. بەودەلیلە ئێمە بریارمان دا هێزەکانی خۆمان لە ئێران و چین بهێنینە دەرێ تا ئەو چەکە لە دەست ئینگلیس و ئەمریکا دەر بێ نین و جووڵانەوەی ڕزگاری خوازانە لە موستەعمەرات وەرێ خەین ولە ئاکام دا سیاسەتی ڕزگاری بەخشی خۆمان کاراتر کەین.

سیهە م ئەوەی کە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کوترا ، سەبارەت بە وەزعی ئێران دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە ئێران لە وەزعیەتی شەڕ دەگەڵ دوژمنی خاریجی دا نیە و ناکام بوون لە شەڕیش دا کە بووبێتە هۆی شکستی کۆنە پەرستی و قەیران قووڵ تر بکا وجوودی نیە.

حوزووری هێزەکانی سۆفیەت لە ئێران ئەو هەلەی بۆ ئێوە ڕەخساند خەبات لە ئازەربایجان دەست پێ بکەن و جووڵانەوەیەکی دێموکراتیکی بەربڵاو بە ویستی هەمەلایەنەوە ریک بخەن ، بەڵام هێزەکانی ئێمە دەبا ئێرانیان بە جێ هێشتبا کە بە جێ یان هێشت . ئێستا ئێمە لە ئێران چمان لە سەر ڕێیە ؟ بەربەرەکانیەک نێوان قەوام و لایەنەکانی ئەنگلۆفیل کە نوێنەری دواکەوتووترین توێژەکانی کۆمەڵگای ئێرانن دەستی پێ کردوە. قەوام هەرچەندی لە رابردوودا کۆنە پەرست بوو ئیستا ناچارە بۆ داکۆکی لە خۆی و حکوومەتەکەی هێندێک ئیسلاحاتی  دێموکراتیک ئەنجام بدا و بە دوای پێگەیەک لە نێو محافلی دێموکراتیکی ئیران دا بگەڕێ.لە وەزعێکی وادا تاکتیکی ئێمە دەبێ چۆن بێ؟ من پێم وایە ئێمە دەبێ بە کە ڵک وەرگرتن لەو کێشەیە قەوام مەجبوور بە دانی هێندێک ئیمتیاز بکەین.بە پشتیوانی ئەو ئنیگلوفیلەکان تەریک بخەینەوە و بەو جۆرە زەمینەی دێموکراتیزە کردنی داهاتووی ئێران خۆش بکەین. تە واوی ئامۆژگاریەکانی ئێمەش بۆ ئێوە لە و ڕوانگەیەوە ئاو دەخواتەوە. ئەڵبەتە دەکرێ تاکتیکی دیکەش پیاو هەڵبژێرێ ، تف لە هەموو شت بکا ، پشت لە قەوام بکا و بەو کارە سەرکەوتنی ئنگلوفیلەکان تەزمین بکا. بەڵام ئەوە تاکتیک نیە و حەماقەتە. لە راستی دا کردەوەیەکی وا دەتوانێ خەیانەت بە ئامانجەکانی خەڵکی ئازەربایجان و ئێران بێ.

چوارم ئەوەی وادیارە کوتووتە ئێمە لە هەوەڵ را ئێوەمان گویاندۆتە عەرشی ئەعلا و دوایە فرێمان داونەتە کەنداڵێکەوە و بووینەتە هۆی ئابروو چوونی ئێوە . ئەگەر ئەو قسانەت کردبێ ئەو منت تووشی سەرسووڕمان کردوە. بۆ مەگەر چ قەوماوە ؟ ئێمە لێرە شێوەیەکی عادی شۆڕشگێڕی مان بە کار هێناوە کە بۆ هەر شۆڕشگێڕێکی راستەقینە ئەمریکی روون و ئاشکرایە. لە هەل و مەرجی وەکوو ئیستای ئیران بۆ گەیشتن بە لانی کەمی ویستەکانی نێهزەت ، دەبی جوولانەوە هەنگاو بنێتە پێشەوە وبە

ترساندن و هەڕە شە لە حکوومەت ئیمکانی وەرگرتنی ئیمتیاز تەزمین بکا . ئەگەر ئێوە بەرەوپێش هەنگاوتان هەڵ نە هێنابۆوە ، لە بارۆدۆخی ئێستادا ئیمکانی نەبوو قەوامتان ناچار کردبا ددان بە ویستەکانی ئێوە دابێنێ . قانوونی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانە ئاوایە.قسە کردن لە ئابروو چوونی ئێوە بی مەوریدە. زۆر سەیرە ئەگەر وا بیر بکەیەوە ئیمە ویستوومانە ئیوە بێ ئابروو بکەین. بە پێچەوانە ئەگەر عاقڵانە رەفتار بکەن و بە پشتیوانی مەعنەوی ئێمە ئەو ویستانەی بارووددۆخی ئێستای ئازەربایجان بخەنە نێو قانوونەوە ، ئەوکات هەم لە ئازەربایجان و هەم لە ئێران ئێوە وەکوو پێشاهەنگی جووڵانەوەی پێشکەوتووی دێموکراتیک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا دەبینن و دوعای بە خێرتان بۆ دەکەن.)

وتوویژەکان لە تاران لە سەر پێشنیارەکانی سادچیکوف دەستی پێکرد . سەیفی قازیش ئەندامی ئەو هەیئەتە بوە کە لە تەورێز ڕا چۆتە تاران بۆ وتوویژ. دوای چە ند دەور گفتوگۆ لە تاران و لە تەورێز و لە ژێر فشاری شووڕەوی دا عاقیبەت لە رۆژی 14ی ژوئین (26)ی خورداد:

1. مەجلسی میللی ئازەربایجان بوو بە ئەنجومەنی ئەیالەتی
2. پێشەوەری لە باش وەزیری ئازەربایجان ئیستعفای دا و کابینەی میللی مونحەل بۆوە.ناوبراو ئامادە نەبوو ناوەرۆکی ئەو پێشنیارانە ئیجرا بکا و وەکوو رێبەری فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە پشت داخوازیەکانی فرقە راوەستا.
3. دوکتور سەلاموڵای جاوید لە رێبەرانی فرقەی دێموکرات بوو بە ئوستانداری ئازەربایجان

پێشەوەری وەکوو رەییسی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان نەزەری وابوو هێزەکانی فرقە بەرەو تاران حەرەکەت بکەن و بە دەست بە سەرداگرتن بە سەر حکوومەتی ناوەندی دا ساختاری سیاسی ئێران بگۆڕن . کامبەخش دەگەڵ ئەو نەزەرە موافقە بەلام رووسەکان موافق نین، بۆیە سەر ناگرێ.ئەو ئال وگۆرانە فشارێکی سیاسی قورس دەخاتە سەر کوردستان.قازی محەمەد لە متینگێکی گەورە دا لە شاری مهاباد سەبارەت بەوئاڵ و گۆڕانە قسە دەکا و بە گوێرەی رۆژنامەی کوردستان شومارە ی 50 دەڵێ:

(بە هەمووگوزەشتەی کوردانیان ئەهمیەت نەدا.نومایەندەی مەیان بە مەئیووسی ناردەوە"مەبەست سەیفی قازیە کە ئەندامی کۆڕی وتوویژ کەربوو". ئێستا تەکلیف چیە ؟ میللەتی کوردی چی پێ مەسلەحەتە ؟ بڵێین سەرانی کورد ، بڵێین سەرداران، بڵێین جووتێرەکان و زەحمەت کێشەکان ، بڵێین چی بکەین و تەکلیف چیە؟ )دوای ئەو رووداوانە قازی محەمەد بۆ تاران بانگ دەکرێ و ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە و چە ندین جار چاوی بە قەوام و رەزم ئارا و کاربەدەستانی دیکەی ئێران دەکەوی.ئاکامی ئەو دیدارانە چ بوە ؟ ئایا ئیستحالەیەکی وەکوو کۆماری میللی ئازەربایجان بە وجود هاتوە ؟ ئەو شومارانەی رۆژنامەی کوردستان کە من دیومن لەو بارەیە هیچ نالێ.بەڵام رۆژنامەکانی ئەو سەردەمی ئێران کوتوویانە :

1.کوردستان خراوەتە سەر ئازەربایجان

2.سەیفی قازی بوو بە فەرماندار و بە رەسمی دەست بەکار بوو.

3.حوكمی فەرمانداریی سەیفی قازی بە دەستووری (فەرەیدوونی ) کەفیلی وەزارەتی کیشوەر سادرکراوە.

محە مە دی نووری لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێ ،چەند رۆژ دوای گیرانەوەی مهاباد حاجی حەمەداغای شێخاڵی بۆ ئەحوال پرسی مالی قازی ناردمیە مهاباد . لە فەرمانداری چاوم بە سەیفی قازی کەوت کە هەروک جاران خۆی بە فەرماندار دەزانی و چاوەڕێی موراجعاتی خەلک بوو.

ئیسماعیلی پووروالی رۆژنامە نگاری ناسراوی ئێرانی لەوکاتە دا کە قازی محەمەد لەتاران خەریکی ئەو وتوویژانە بوە چاوی بە پێشەواکەوتوە مساحەبەی دەگەڵ کردوە و دە نووسێ :

داخوازەکانی قازی بریتی بوون لە :

1.دەمانەوێ ئەنجومەنی ویلایەتیی کوردستان هەڵبژێردرێ

2.کار بەدەستان لە کوردستان خەڵکی ناوچە بن

3.لە ئازەربایجان دا هەموو نەتەوەکان وەک یەک بن

4.پێوەندی ئاغا و جووتیار بگۆڕدرێ

5.بە کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە سروشتیەکان، کوردستان ئاوەدان بکرێتەوە.

لەو قوناغەدا:

1.ئێران پشتیوانی ئەمریکا، بریتانیا ، تورکیە و عێراقی بۆخۆی دەستەبەر کردوە

2.بە هۆی دانی قەولی ئیمتیازی نەفتی شیمال (ئەڵبەتە ئەگەر مەجلیس تەسویبی بکا ) بە کافتارادزە کە نوێنەرایەتی یەکیەتی سوفیەتی لە مەسەلەی نەفت دا دەکرد ، ئەو وڵاتەش کەوتە بەرەی ئێرانەوە و ئازەربایجان و کوردستان بوونە وەجهولموسالەحە و کەوتنە ژێر فشاری قورسی شووڕەویشەوە

3. ئیران هیج ئیعتقادێکی بە دێموکراسی و ئازادی نیە و گەڕانەوە بۆ دەورانی رەزاشا قیبلەی ئاواتیانە

4. کورد و ئازەری بە لانی کەمی دەستکەوت رازین، ئازەربایجان بە مەجلسی ئەیالەتی و کوردستان بە مەجلسی ویلایەتی.

قەوام کە هەموو شتی بە قازانجی خۆی رێکخستوە ئیدی ئامادەی هێرشە و بۆیە بۆ ئامادەکردنی زەمینەی هەڵبژاردنی مەجلس دەستووری دا هێزەکانی ئیران بەرەو ئازەربایجان و کوردستان وەڕێ کەون.پیشەوەری موخالفی ناردنی هێزە و بە پێویستی نازانێ و وەکوو رەییسی فرقەی دێموکرات دەستوور بە فیداییە کانی فرقە دەدا کە پێشی هێزی ئیرانی بگرن. لە مێتینگیکی گەورە دا لە تەورێز رای گەیاند ئازەربایجان تەسلیم نابێ و پێشی ئەو هێزانە دەگرێ.شەڕ و بەر بەرەکانی لە قافلانکۆ دەستی پێکرد بەڵام بۆ شەوێ لە ژێر نفووزی شووڕەویەکاندا کومیتەی

ناوەندیی فرقە پیشەوەریی لە سەر کار لابرد و محەمە دی بی ریای بە جێگای ئەو کردە سەدری فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان.بۆ سبەینێ هەر لەو جێگایەی رۆژی پێشتر پیشەوەری دەستووری بەربەرەکانی دابوو بی ریا دەستووری تەرکی موقاوەمەتی دا.ئیدی قەوما. و پێش ئەوەی هێزی دەوڵەتی بگاتێ لایەنگرانی دەوڵەتی ناوەندی کە پێشتر بە هۆی ژنرال شوارتسکۆفەوە رێکخرابوون وە خەیابان کەوتن و بگیر وببەند دەستی پێکرد. ژنراڵ شوارتسکوف ئەفسەری ئەمریکایی بوو کە لە مێژ بوو ناردرابوە تاران بۆ ریکخستنی ئەو بریگادانە . ناوبراو بابی ژنراڵ نورمن شوارتسکۆفە کە هێزی هاوپەیمانانی لە پرۆسەی نەجاتی کووەیت دا رێبەری کرد.

پێشەوەری پێش ئەوەی لە سەدارەتی فرقەی بخەن زۆری هەوڵ دا رووسەکان قانع بکا وەیکوت : یا لیمان گەڕێن خە ڵکەکەی خۆمان بەسیج کەین یا دەگەڵ باقی ئێران رێک کەوین و خۆمان رزگار کەین بەڵام دوایین نامە ی ستالین هەموو شتی یەک لا کردەوە:

(قەوام وەکوو سەرۆکی وەزیران حەقی ئەوەی هەیە هێز بۆ هەموو جێگایەکی ئێران و ئازەربایجانیش بنێرێ، لە بەر ئەوە درێژەدان بە بەربەرەکانی چەکدارانە نە سەڵاحە و نە لازمە ونە باشە.رابگەیە نن کە ئێوە بۆ پاراستنی هێمنیی کاتی هەڵبژاردن ، دژایەتی هاتنی هێزی دەولەتی بۆ ئازەربایجان ناکەن.ئێوە ئەو کارەی خۆتان دەگەڵ هەمبەستەگی گەلانی ئێران ، ئازادی و سەربەخۆیی ئەوان گرێ بدەن. تەواوی ئەوانە لە نامەی جاوید کە لە وڵامی ئاخرین تێلگرافی قەوام دا بەڕی دەکرێ بگونجێنن و بە ئیمزای جاوید، ئوستاندار و شەبستەری ، سەدری ئەنجومەنی ئەیالەتی ، هەرچی زووتر بۆ شا و بۆ قەوامی بەڕێ بکەن. )

بە دوای تەوریز دا دەزانین لە کوردستانیش چ رووی دا و لێرە تەواوی دەکەم.

سەرچاوەکانی ئەوباسە:

فارسی: فراز و فرود فرقه دمکرات آذربایجان نووسینی جمیل حسنلی وەرگێرانی منصور همامی

تاریخ بیست ساله ایران نووسینی حسین مکی

تاریخ خانواده قاضی در ولایت مکری نووسینی خلیل فتاحی قاضی

ما و بیگانگان نووسینی دکتر جهانشاهلو

ظهور و سقوط رایش سوم نووسینی ویلیام شایرر وەرگێرانی کاوه دهگان

مجله روزگار نو به مدیریت اسماعیل پوروالی

درتیررس حادثه، زندگی سیاسی قوام السلطنه نووسینی حمید شوکت

تاریخ مهاباد نووسینی سید محمد صمدی

کوردی:

کورد له گەمەی سۆفیەتی دا نووسینی نەوشیروان مستەفا ئەمین

گۆوارەکانی گزینگ ، رابوون ، مهاباد

رۆژنامەی کوردستان ئورگانی حزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران (سەردەمی کۆماری کوردستان)

بیرەوەریەکانی محەمەد نووری

وڵاتی من بیرەوەریەکانی حاجی عەوڵای قازی

.4
.5

.6